# "عاشقانی شەهادەت" درێژەی چالاکییە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی

ئا/ئیبراهیم کۆنەپۆشی



کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە تێرۆر و پەرەپێدان بە کاری تێرۆریستی لە جیهان و ناوچەکەی کردۆتە ئامانجی خۆی و لەناوبردنی نەیاران و سەرکردەی رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کردۆتە ئامرازێك بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی. لە زۆر شوێن و کردەوەدا بەڵگەنامە و نیشانەکان سەلماندوویانە کە کۆماری ئیسلامی راستەوخۆ دەستی داوەتە کاری تێرۆریستی و خەڵکی بۆ ئەم مەبەستە رێك خستووە و باری هێناوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە شێوازی جۆرا و جۆر کەڵکی وەرگرتووە. ئێمە لە راگەیاندن و بڵاوکراوەکانی خۆماندا زۆر جار باسمان لە رێکخستنی تاقم و گرووپی جۆرا و جۆری تێرۆریستی کردووە کە کۆماری ئیسلامی رێکیان دەخات. لەوانە: سپای سەربەرزی محەمەد، داڵدەدانی گرووپی تێرۆریستی ئەنسارو لئیسلام و رێبەران و سەرکردەکانی تاقمی ئەلقاعیدە و... هتد. لە دوای رووخانی رژیمەکانی "تاڵەبان لە ئەفغانستان و رژیمی دیکتاتۆری سەدامە"وە کۆماری ئیسلامی دەستی داوەتە جم و جۆڵێکی تازە و خەریکی رێکخستن و بارهێنانی تاقم و گرووپی جۆرا و جۆری تێرۆریستییە.

ئەوەی کە لێرەدا دەیخوێننەوە وت و وێژی حەوتوونامەی "پرتو سخن"ـە لەگەڵ فەرماندەی بنکەی عاشقانی شەهادەت کە لە ژمارەی ٢٨٣ رێکەوتی چوارشەممە ١٣٨٤/٤/١ دا بڵاو بۆتەوە و پەردە لە سەر کار و چالاکی یەکێکی‌تر لە تاقمە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵدەداتەوە:

حەوتوونامەی "پرتو سخن" گۆڤارێکی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوورییە و خاوەن ئیمتیازەکەی ناوەندی بارهێنان و لێکۆڵینەوەی خومەینییە و بەرپرسەکەی "مەحموود دهقانی"ـیە. ئەم گۆڤارە لە قوم دەردەچێت و لە سەراسەری ئێراندا بڵاو دەکرێتەوە.

(پرتو سخن): بیستوومانە کەقەرارگای عاشقانی شەهادەت لە بارەی رەوتی خۆشەهید کردنەوە بەرنامەیەکتان بەدەستەوەیە و خەریکن کاری بۆدەکەن، دەکرێت لەم بارەوە بۆمان بدوێیت؟

***فەرماندەی قەرارگا***



ولاّم : یەكێك لە ئەركە سەرەكییەكانی ئەم بنكەیە ئەوەیە كە كەسانێك كە ئامادەی خۆ شەهید كردنن، بیانبینێتەوە و كۆیان بكاتەوە وریێكیان بخات وباریان بهێنێت كە بە پشتیوانی خوّا لە كاتی پێویست دا لە سەر بڕیاری فەرماندەیی گشتیی هێزەكان بتوانین بێننە مەیدان بۆ ئەنجام دانی كاری پێویست، ئێمە نەتەوەیەكی زیندووین و دەبیٚ بتوانین بەرگری لە خۆمان بكەین، جەنابی ئیمام خومەینی فەرموویەتی ولاٚتێكی ئیسلامی ئەبیٚ بەتەواوی نیزامی بێت. جاكەواتە بە لە بەرچاوگرتنی ئەو هەڕەشەو مەترسیانە كە لە سەر ڕێماندایە دەبیٚ لە ئێستەوە خۆمان ئامادەبكەین و ئاستی ئامادەیی خۆمان ببەینە سەرەوە.

جەنابی ئایەتووڵلاٚ خامنەیی بەردەوام لە سەر ئامادەبوونمان پێداگری دەكات و ئێمەش لەم پێوەندییەدا ئەم بنكەیەمان پێكهێناوە كە پشتیوانی خوا بتوانین ڕێنوێنیی و فەرمایشەكانی ئیمام و جەنابی خامنەیی بە كردەوە جیٚ بە جیٚ بكەین. ئیمام زۆر لە مێژە فەرموویەتی كە دەبیٚ ئیسرائیل لە ناو بچێت، بەلاّم تا ئێستە بۆ ئەم مەبەستە هیچ هەنگاوێك هەڵنەگیراوە. بۆیە بنكەی ئاشقانی شەهادەت دەستیان بە كارەكانی خۆیان كردووە. بۆ هەر پارێزگایەك لە ئێران یەك لەشكر لەو هێزانە كە خوازیاری شەهید بوونن تەرخان دەكەین كەبە شێوەی تیپەكان، گوردانەكان، و دەستەكان، ڕێك دەخرێن. هەروەها بەپێی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و بڕیاری ڕێبەر هەركات كە پێویست بێت، دەست بە كار دەبین وبە پشتیوانی خوای گەورە ئەركەكانی خۆمان بە جیٚ دەهێنین. ئێمە بە هیوای بەخششی خوا و ئیرادە و بەردەوام بوونمان لە مەڕ كاری مەعنەویی و بە یارمەتی ئەو هێزە لە بن نەهاتوە كە خودا ن دەست بەكار بووین و بەزوویی مەزڵوومانی جیهان لە دژی زاڵمان كۆدەكەینەوە و تەیاریان دەكەین. بۆئەم مەبەستە شێلگیرانە بڕیارمان داوە و تێدەكۆشین و پێویستیشمان بە یارمەتی ماڵی و مەعنەویی هیچ كەس و لایەنێك نییە بێجگە لە لە ڕەحم و بەخششی خوای گەورە نەبێت.

سەرمایەی ئێمە لاوانی پڕ لە هەستن كە لەگەڵ قورئان و وەلی موسلمین پەیمانیان بەستووە. ئەوەش بڵێم كەهەندێك وردەكاری لە شێوەی ڕێكخستنی لەشكرەكاندا بووە كە پێم باشە ئامارژەیان پیٚ بكەم.

تەنیا لە تاران چوار لەشكر ڕێكدەخرێت ئەویش لە بەر تایبەتمەندی تاران لە (ڕۆژهەلاّت، ڕۆژئاوا، باكوورو باشور) ی تاران، لە هەمووپارێزگاكانی تری ولاّت دا لە هەرپارێزگایەك تەنیا یەك لەشكرمان دەبێت كە ئێستە لە قۆناغی كۆكردنەوە و ڕێكخستنی ئەو هێزانە داین و لە زووترین كات دا بار هێنانیان بە پێی ئەركەكانیان دەست پێدەكات، واتە ئەو چەكە ناوكیانە كە ئورووپایی و ئامریكاییەكان باسی دەكەن و لەدژی ئێمە هەڵوێست دەگرن و ڕێكخراوە نێو نەتەوەییەكان لە دژی ئێمە هان دەدەن ئیتر وای لیٚ دیٚ كە پێویست ناكات

لەدژی ئەوان لە چەکی وزەیی (ئەتۆمی) کەڵك وەربگرین چونکە هەر کام لەو هێزانەی ئێمە لە دژی ئەوان بۆمبێکی ئەتۆمە. ماوەیەك لەوە پێش لە قوم بەخزمەتی گەورە عالمانی دینی گەیشتین کە زۆر کەڵکمان لێوەرگرتن. جەنابی ئایەتوڵڵا نووری هەمەدانی لە رێنوێنییەکانیدا فەرمووی ئێمە بە بوونی ئەو هێزانەی کەخوازیاری شەهید بوونن ئیتر پێویستمان بە چەکی ناوکی نییە، ئەو هێزانەی ئێمە ئەو مرۆڤانەن کە بە بەخت کردنی گیانی خۆیان زۆرترین زەرەر بە دووژمن دەگەیێنن و ئەگەر تەنانەت رۆژێك ئامریکا لەگەڵ ئێمە بەشەڕ بێت لە دونیاو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرترین زەرەری لێدەکەوێت.

ئامریکا دەبێ بزانێت کە ئێمە چەکی ناوکیمان هەیە بەڵام بەشێوەی هێزێك کە ئامادەیە خۆی شەهید و فیدا بکات. هێزێك کە بە چەکی دین و ئیمان تەیار بێت، ئیتر هیچ پیویستی بە تێکنۆلۆژی پێشکەوتووی چەکی ناوکی نییە.

***